# پیکابێکی باغە
# بە جاددەی خۆڵی منالٚییەوە

**دلاوەر قەرەداغی**

---

**خۆر لەوەدایە ئاوابێ**

**تامی هەنگوین دەدەم**

**بە پیکابێکی باغە**

**تا جاددەی پڕتەقاڵ دەچم**

**بەدەم چاکوچۆنی کردنەوە لەگەڵ پەپوو**

**کە بەنیازە بەو هاوینە**

**لەو ئاخیروئۆخری ڕۆژەدا**

**خۆی پیشانی دکتۆرێکی چاو بدا،**

**دەچینە بەر سێبەری**

**دیواری خەستەخانەکە و**

**بەدەم**

قسەی بێ سەر و بنەوە
پڕتەقاڵێک قاش
قاش
دەکەین
ڕەنگێک ... بێ تین
لە هەتاوەوە فیچقە دەکا
دەپڕژێتە چاومانەوە و
هێند بە کوڵ پێدەکەنین
لە حەژمەتا چاو دەنوقێنین و
لەبەر هەتاوەکەدا ڕێک لەوە دەچێ
هۆن
هۆن
بگرین!

بەپێی پیادە تا گەڕەکی حەڵوا دەچم
نازدار لایەکی زەمیلەکەم
لەگەڵدا هەڵدەگرێ

بەدەم ڕێوە قسان دەکا و
حەکایەت دەگێڕێتەوە و
هەر قسەیەکی دەڵێی کلۆیەك قەندە
هەر هەناسە هەڵکێشانێکی
دەڵێی قلێك هەنجیرە کە شیلەی لێ بتکێ
هەناسەیەك
شیرین بە زاری ئومێد
قسەیەك
خۆش بە گوێی سمراوی ئایندە
لەناکاوێکڕا دەڵێت بنۆڕە و
دەنۆڕم:
ڕەش
ڕەش
دەچێتەوە ئاسمان
بە گەواڵە ڕیشۆڵە!

بەپیاسە تا باغی ڕەشە زەیتوون

دەچم
یەکێك بە زوبانێکی خودایی
میهرەبانانە دەڵێ:
دڵەکەم ... سەفەرێکت لەبەرە
بەرەو هیچ کوێ
سەفەرێك کە هەمیشە ... بریندار
بە دڵی شکاو
بە ڕۆحێکی هەنجنەوە لێی دێیتەوە
سەر دادەگرم
گوێم لێیە ... شووشەیەك لە سینەمدا
هاڕە دەکا و
دەشکێ
هەست دەکەم باخێك لە ناوەوەمڕا
شنە شن دەسووتێ!

لە پێچی جاددەی شمشاڵەوە
بەدەستە ڕاستا بەرەو

گۆڕەپانی ترێ
بەدەم بارکردنی بەرچنەکانەوە
دڵم لەسەر سەد و بیست
لێدەدا
دەست بەرەو ئاسمان
هەڵدەبڕم
لەبەرخۆوە دەپاڕێمەوە:
خودایە
ئازایەتیم بدەرێ ...تێکنەشکێم
خودایە شەرمم بشکێنە
بوێرم
قسەیەك هەیە
بیڵێم!

خۆر لەوەدایە ئاوا بێ
بۆنی پرتەقاڵم لێدێ
تامی هەنگوین

دەدەم

ئاوێك بە دەموچاوما دەكەم

لەبەر جامی پیكابەكەدا

پەلە پەل

بە پەنجە قژێك دادێنم:

چش لەو دڵدارییانەی كە نەمكردوون

چش لەو شیعرانەی

كە نیوەناچڵ جێم هێشتوون

ڤیروسیا لەونهێنییە گچكانەی نەمدركاندوون

پیكابەكەم دەخەمە ئیش

ئایەتەلكورسییەك دەخوێنم

كورسی نەعنایەك دەنێمە زارم

بەو شەوە

چاو دەنووقێنم و

بە جاددەی خۆڵی مناڵییدا ...

لەسەر سەد و بیست

بەرەو

هیچ

**کوێ**

**دەئاژووم!**

**سوێد**

**ئازاری** 2007